# ئەزمونی شیعریی (سونبولی حەقیقی)

**نێچیروان جاسم ولی**[1]

[1]بەشـــی زمـانی کوردی، کۆلێژی زمـان، زانکۆی سـەلاحەددین- هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردسـتان، عێراق.

## پوختە:

شـیعری کوردی هەر لە سـەرەتاوە زیاتر دەنگی شـاعیرانی پیاو تێیدا زاڵ بوە و پتر پانتایەک بوە بۆ دەرکەوتنی بەهرە و توانای شـاعیرانی پیاو. ژنانی شـاعیر کەمتر دەرکەوتون و نەیانتوانیوە ببنە دەنگی دیاری سـەردەمەکەی خۆیان، جا لایەنی کۆمەڵایەتی و خێزانی و ڕێگەنەدانی پیـاوان و ڕەتکردنەوەی پیاوان هۆکار بوبێت، یان کەم بوێری و کەمیی توانا و لێزانی و لاوازی ئاسـتی ڕۆشـنبیریی خودی ژنان هۆ بوبێت، ئەوا ئەوەی لە واقیعدا دەبینرێت کەمی دەرکەوتن و بەرجەسـتەبونی ژنانی شـاعیری کوردە لەو بوارەدا. سەرەڕای ئەو کەمیی پشکدارییەی ژن لە کـایەی شـیعردا، کەمتەرخەمییەکی دیکە دەبینرێت ئەویش ئەوەیە چەندان شـاعیری ژن هەن، زۆر بە کەمی ناسـێندراون و بەدەگمەن ئـاوڕ بە لای بەرهەمەکانیانەوە دراوەتەوە و تیشـک نەخراوەتە سەر ئەزمونی شیعرییان.

سـونبولی حەقیقی یەکێکە لەو ژنە شـاعیرە کوردانەی لەگەڵ ئەوەی خاوەنی دیوانی چاپکراو و چەندان دەقی شیعرییە، بەڵام زۆر کەم ناسراوە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا مەبەسـتمانە لە چەند ڕویەکەوە لە ئەزمونی شـیعریی ئەو ژنە شـاعیرە بکۆڵینەوە و لە لایەنی زانسـتی و ئەکادیمییەوە ئەم توێژینەوەیەی بۆ تەرخـانبکەین. توێژینەوەکە کـارکردنە لەسـەر شـیعرەکانی شـاعیر و خۆی لە دو بەش دەبینێتەوە. لەبەرئەوەی شاعیر وەک پێویست نەناسراوە، بۆیە لە سەرەتادا و لە بەشی یەکەمدا بە کورتی باسی ژیانی شـاعیر و گرنگترین وێسـتگەکانی ژیانیمان کردوە، دواتر ئاماژەمان بە پەیوەندیی نێوان خودی شاعیر و شـیعر داوە. لە بەشـی دوەمدا، لە دو تەوەرەدا تیشـکمان خسـتوەتە سـەر ڕوخسـار و ناوەڕۆکی شیعرەکانی شاعیر.

**کلیلە وشـەکان:** سـونبول، شـیعر، شـاعیر، ئەزمون، ڕوخسار، ناوەڕۆک.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(2).Paper9
**Received:** 11-Jun-2022
**Accepted:** 03-Aug-2022
**Published:** 29-June-2023
**Corresponding Author’s E-mail:**
nechirwan.wali@su.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

بەسەیرکردنی خێرای شیعری کوردی هەر لە کۆنەوە تا ئەم ڕۆژگارە، بەئاسانی و بەئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت، زۆربەی هەرە زۆری شیعری کوردیی قۆناغەکانی شیعر و ئەدەبی کوردی: کلاسیک، کلاسیکی نوێ، نوێ، هاوچەرخ، سەردەم لە لایەن شاعیرانی پیاوەوە نوسراون و لە هەمو ئەو قۆناغانەدا دەنگی ژنە شاعیری کوردی کزبوەوە و ڕەنگی شاعیرێتیی ژن کەم دەرکەوتوە. ئەمەش هەر تایبەت نییە بە نەتەوەی کورد، بەڵکو شیعری کوردیش وەک شیعری نەتەوەکانی دیکە ناوچەکە زیاتر بە لای پیاواندا شکاوەتەوە و ئەمەش لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری بابەتی و خودییەوەیە.

سەرەڕای ئەوەی ژنە شاعیرانی کورد بە بەراورد بە پیاوان کەمتر لە شیعری کوردیدا دەرکەوتون و کەم ناسراون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شاعیری وامان هەن خاوەنی دەنگی شیعریی خۆیانن و توانیویانە بەهرەی شیعریی خۆیان دەربخەن و تاقیکردنەوە و ئەزمونی شیعرییان پێکبهێنن. یەکێک لەو ژنە شاعیرانەش (سونبولی حەقیقی)یە، کە بە گرنگمان زانی توێژینەوەیەکی زانستی لەبارەی شیعرەکانییەوە بنوسین.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە شاعیر خاوەنی دیوانی شیعری و کۆمەڵێک دەقی شیعریی هەمەچەشنە و لە ڕوی فۆڕمەوە ڕەنگاوڕەنگی بە شیعرییەکانییەوە دیارە و لەڕوی ناوەڕۆکەوە دەوڵەمەندە و بە هەردو زمانی کوردی و فارسی شیعری نوسیوە، تا ئێستا توێژینەوە و کارێکی زانستی و ئەکادیمی لەسەر شیعرەکانی نەکراوە.

ئامانجمان لەم توێژینەوەیە خستنەڕوی ئەزمونی شیعریی (سونبولی حەقیقی)یە و دەستنیشانکردنی لایەنە جۆربەجۆرەکانی شیعرەکانییەتی لە ڕوی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە.

کەرەستەی توێژینەوەمان بریتییە لە: شیعرە کوردییەکانی نێو دیوانەکەی شاعیر و تەنیا کار لەسەر شیعرە کوردییەکانی شاعیر کراوە.

ڕێبازی توێژینەوەکە: وەسفیی شیکارییە و سود لە میتۆدی مێژوییش وەرگیراوە.

توێژینەوەکە لە پێشەکی و دو بەش و ئەنجام پێکدێت:

بەشی یەکەم لە دو تەوەرە پێکدێت، لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە چەردەیەک لە ژیانی شاعیر کراوە، کە تێیدا ئاماژە بە گرنگترین وێستگەکانی ژیانی شاعیر کراوە. لە تەوەرەی دوەمدا تیشک خراوەتە سەر شاعیر و شیعر و ئاماژە بە پەیوەندیی نێوان سونبولی شاعیر و شیعر دراوە. هەرچی بەشی دوەمە، ئەمیش لە دو تەوەرە پێکدێت. لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە ڕوخساری شیعرەکانی شاعیر کراوە و لە تەوەرەی دوەمیشدا هەڵوەستە لەسەر ناوەڕۆکی شیعری شاعیر کراوە. لە کۆتایشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێیگەیشتوین خراونەتەڕو و پاشانیش لیستی سەرچاوەکان تۆمارکراوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper9

## بەشی یەکەم: سونبول و شیعر

### تەوەرەی یەکەم: چەردەیەک لە ژیانی شاعیر

شاعیر لە پێشەکیی دیوانەکەیدا، کە بەناوی (لە هەر باخچەی گوڵێکە)، بەمجۆرە خۆی دەناسێنێت: ((ناوم (سونبول)ە، ناوی نێو پێناسم سەعادەتە، نازناوم حەقیقییە، نازناوی شیعریشم هەر سونبولە. ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی لە شاری بۆکان بەدونیا هاتوم، کچی مامۆستا عەباسی حەقیقیی شاعیری گەورەی موکریان و لە بنەماڵەی شێخ ئاغا سەر بە عەشیرەتی دێبوکریم، دایکم ناوی زیبایە و خاڵۆزای بابم بوە)) (حەقیقی، ٢٠١٠، ١٢).

سونبول بە منداڵی چوەتە بەر خوێندن و دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و پاشان چوەتە پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان و بە سەرکەوتویی ئەو قۆناغەشی بڕیوە. دوای ئەوە ژیانی هاوسەریی پێکهێناوە و هاوشان لەگەڵ کاری مامۆستایەتیدا، بۆ درێژەدان بە خوێندن لە شاری مەهابادا چوەتە زانکۆ، پاشان بە ماڵەوە چونەتە وڵاتی کەنەدا و لەوێدا نیشتەجێبونە و خوێندنی باڵای لەوێدا تەواوکردوە. (حەقیقی، ٢٠١٠، ١٣_١٤).

### تەوەرەی دوەم: پەیوەندیی سونبول بە شیعرەوە

هەر شاعیرێک کاتێک دەست دەداتە قەڵەم و دونیابینیی خۆی بەرانبەر دیاردە و بارەکانی ژیان و بون دەخاتەڕو، کۆمەڵێک هۆکار بۆ خستنەڕوی هەست و تێڕوانینەکانی هەن. سونبولی حەقیقی لە تەمەنێکی زوەوە دەستی داوەتە خامەی شیعرنوسین. هەروەک دەڵێت: ((وەک بزانم لە تەمەنی شازدە و حەڤدە ساڵیدا دەستم بە هۆندنەوەی شیعر و هەڵبەست کردوە)) (حەقیقی، ٢٠١٠، ١٤).

شاعیر هۆی شیعرنوسینی بۆ چەند لایەنێک دەگەڕێنێتەوە:

**أ_ جوانیی سروشت**: قەشەنگیی سروشت کار لە شاعیر دەکات و دەیبزوێنێت و هەروەک سروشتیش بۆخۆی ((ڕوناکیی دڵی شاعیرە و سەرچاوەی ئیلهام و بزوێنەری هەست و سۆزێتی)) (قەرەداغی، ١٩٧٨، ٣). شاعیر یەکێک لە هۆکارەکانی شیعرنوسینی بۆ جوانی و ڕازاوەیی سروشتی کوردستان دەگەڕێنێتەوە. شاعیر لەمبارەوە دەڵێت: ((ئەوە بو ڕۆژێ لە ڕۆژە جوانەکانی بەهارێ، کە لە ژوری ماڵێڕا سەیری حەساریم دەکرد لەپڕ چاوم بە باخچەی ناوەڕاستی حەوشەکەمان کەوت، کە بە هەمو چەشنە گوڵێ ڕازابوەوە. چاوم لە دیتنی ئەو هەمو جوانییە پڕ بو لە فرمێسکی دڵداری. لەناکاو فریشتەی خەیاڵم بەرەو جێگایێ پەروازی کرد، کە بە غەیری جوانی چی دی تێدا بەدی‌نەدەکرا و بەجۆرێ کە دەتگوت پەپولەی بیر و ئەندێشەم نیشتوەتە سەر باڵی هەورەکان. لەناوکاو هەستی ناسکی شاعیرانەم نەرم و نیان جوڵاوە و بردمی بۆ دونیایەکی ئاسمانی)) (حەقیقی، ٢٠١٠، ١٤_١٥).

شاعیر سەرەتای هەستی شاعیرانەی خۆی بۆ جوانیی سروشت و درککردنی بە جوانی دەوروبەری دەگەڕێنێتەوە و لەوێوە بەرەو دونیای شیعر هەنگاوی ناوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper9

**ب_ کاریگەری و کارتێکردنی باوک**: لە شیعری کوردیدا وا ڕێککەوتوە زۆرجار کاریگەریی شاعیرێتیی باوک لەسەر ڕۆڵەکەی ڕەنگ بداتەوە و پێگەیشتن لەبەردەستی باوکێکی شاعیر دەبێتە هاندەرێکی باش بۆ ئەوەی ڕۆڵەی شاعیریش ئەگەر هەوڵیدا و ئارەزوی لە شیعر بو بتوانێت لە مەیدانی شیعردا ئەسپی خۆی تاوبدا. لە شیعری کوردیدا نمونەی لەو جۆرەمان زۆرە: زێوەر و بەختیار زێوەر، بێکەس و شێرکۆ بێکەس، دڵزار و ئازاد دڵزار، هەردی و چۆمان هەردی...هتد. سونبولی شاعیر دوای ئەوەی دەرک بە هەستی شاعیری دەکات، ئیدی لەوکاتەوە کاریگەریی باوکی لە بواری شیعرنوسیندا بۆ دەردەکەوێت و دەڵێت: ((ئەم گەوهەرە پڕ قیمەتەی شاعیریم لە خەزێنەی پڕ لە دوڕ و ئەڵماس و زێڕ و زیو و زەمبەری هەستی ناسک و شاعیرانەی بابمەوە پێم بڕاوە)) (حەقیقی، ٢٠١٠، ١٥).

شاعیر یەکەمین شیعرەکانی خۆی پیشانی باوکی دەدات و باوکیشی وەکو شاعیر و شارەزایەکی شیعر و ئەدەب دڵخۆشی و سەرسامیی خۆی بەرانبەر شیعرەکانی دەربڕیوە، شاعیر دەبێژێت: ((یەکێ لە هەوەڵ شیعرەکانم دا خزمەت بابم، پێی خۆش بو و فەرموی دەگەڵ شیعرەکانی چاپیان دەکات و تەنانەت بەیتێ لە شیعرەکەمی، کە زۆر بەدڵ بو هەر لەلای خۆی دوپاتی دەکردەوە:

تۆ گوڵی و من شۆڕی بولبول وا لە سەرما

دەنگی شیوەن دێ لەنێو گوڵزاری هەستم )) (حەقیقی، ٢٠١٠، ١٥).

دوای ئەوە چەندان جار نامەی شیعرییان بۆ یەکدی نوسیوە، ئەمەش بۆ ئەوەی تاکو توانای شیعریی سونبول باشتر بێت و ببێتە خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆی، بۆیەش سەرەڕای کاریگەریی شاعیرێتیی باوکی، بەڵام لە دیوانەکەیدا هیچ شیعرێکی باوکی نەکردوە بە پێنجخشتەکی یان شیعری باوکی تێهەڵکێشی شیعری خۆی نەکردوە.

**پ_ کەشی شیعرییماڵەوە**: پەروەردەبون لە ماڵ و لەنێو کەشی ئەدەب و شیعردا هاندەرێکی لەبارە بۆ ئەوەی کەسێک بتوانێت زیاتر ئاستی شیعریی خۆی بەرزبکاتەوە، چونکە لە منداڵییەوە گوێی بە ئاوازی شیعر ڕادێت و مێشکی بە شیعر زاخاو دەدرێت. گەورەبونی سونبول لەنێو کەشێکی شیعری لەوجۆرەدا دەبێتە هاندەری بۆ ئەوەی هەر لە بچوکییەوە متوی شیعر بێت. خۆی لەمڕووەوە دەڵێت: ((ماڵی باب هەر تەنیا ماڵە باب یان هەر میواندار و لەباوەشگەی هەمو تاقمە کەسێ نەبو، بەڵکە فێرگەیێ بو پڕ لە مامۆستا، کۆڕی ئەدیبان و شاعیرانی گەورە بو، جێژوانی ئەدەبدۆستان و ئەدیپەروەرەکان بو)) (حەقیقی، ٢٠١٠، ١٦). کەوابێت کەشی شیعری ماڵەوە و باسکردنی شیعر و ئەدەب و هاموشۆکردنی ئەدیب و شاعیران بۆ ماڵیان کاریگەریی خۆی هەبوە لە ئاراستەکردنی سونبول بەرەو هۆنینەوەی شیعر.

**ت_خوێندنەوەی دیوانی شاعیران**: زۆرینەی شاعیران سەرەتا کە دەست بە نوسینی شیعر دەکەن، خوێندنەوەی دیوانی شاعیرانی پێش خۆیان و سەردەمی خۆیان، هۆکارێکی گرنگە بۆ ئاشنابونی زیاتریان بە دونیای شیعر و تێگەیشتن و بەرچاوڕونی پتریان سەبارەت بە ڕێباز و شێوازە جۆراوجۆرەکانی شیعرنوسین بۆ پەیدا دەبێت و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper9

فەرهەنگی شیعرییان دەوڵەمەند دەبێت. سونبولی شاعیر سەرەڕای کەشی شیعریی ماڵەوەیان و کۆڕی گەرمی شاعیر و ئەدیبان، خوێندنەوەی دیوانی شاعیران کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر توانای شیعری هەبوە. شاعیر لەمبارەوە دەڵێت: ((گەورەترین خۆشیی ژیانم ببو بە خوێندنەوەی کتێبان و زۆرجار هەتا بەرەبەیان نەدەنوستم و هەر کتێبم دەخوێندەوە)) (حەقیقی، ٢٠١٠، ١٦). ئەمەش هاندەرێکی تر بوە بۆ ڕوکردنە بواری ئەدەب و شیعر. بە سەرنجدان لە شیعری شاعیر دەبینین کاریگەریی شاعیران بەسەر شیعرەکانییەوە دیارە. بابە تاهیر لە دوبەیتییەکدا دەڵێت:

ئەگەر دەستم ڕەسەد بەرچەرخی گەردون

ئەزو پرسیم کە ئین چونەست و ئان چون

یەکی ڕا دادەیی سەد گونە نیعمەت

یەکی ڕا جو ئالودە دەرخون (شوان، ٢٠١٥، ٨٢)

سونبول لە شیعرێکدا لە ڕوی ناوەڕۆکەوە بۆچونێکی نزیکی لەو بۆچونی دوبەیتییەکەی بابە تاهیر دەخاتەڕو، کە سەرەتای شیعرەکە بەمجۆرەیە:

فەلەک کوا عەدڵ و ئینسافت لە کارا یەکێ برسی یەکیتر تێر و دارا

یەکێ فرمێسکی تەنیایی دەرێژێ بەگشتی ڕەنجەکانی ژین دەچێژێ (حەقیقی، ٢٠١٠، ٤٣)

بە سەیرکردنی هەردو شیعرەکە، ئەوە دەردەکەوێت کە شیعرەکەی سونبولیش لە چوارچێوەی هەمان ناوەڕۆکە، کە ئەویش پرسیارکردن لەوەی بۆچی نادادی لە نێوان مرۆڤەکاندا هەیە.

**ج_هاندانی شیعردۆستان:** بۆ شاعیرێک کە سەرەتای شیعرنوسینی بێت، هاندانی شیعردۆستان و شارەزایانی شیعر کارتێکردنی خۆی دەبێت لەسەر بەردەوامبونی ئەو شاعیرە و وای لێدەکەن باشتر بنوسێت و زێتر لە شیعر ورد و قوڵ بێتەوە. سونبول لەمبارەوە دەڵێت: ((شیعرم دەهۆندەوە و بۆ هەر کەسێکم دەخوێندەوە پێی خۆش دەبو و تەشویقی دەکردم)) (حەقیقی، ٢٠١٠، ١٦).

شاعیر ماوەیەک لە شیعرنوسین سارد بوەوەتەوە و کەمتر بەلایەوە چوە، بەڵام بە هۆی هاندانی شیعردۆستان و هاوڕێیانی خۆی گەڕاوەتەوە بۆ شیعرنوسین: ((لەلایەن چەند کەس لە خۆشەویستانمەوە، بێوچان بۆ شیعردانانی زۆرتر و بەردەوامتر هاندرام... هەر بەو بۆنەوە و بەهۆی دڵسۆزی و دڵگەرمی و پشتیوانی بێ وێنەی ئەو ئەزیزانەمەوە ئاونگی ناو ئاورگی شیعر و هەڵبەست و خاکستەری دانەمرکاوی ئاوری هۆگری بە وێژە و وێژەوانی، ئەوجار پتر و زۆرتر و پڕ لە گڕتر لە هەمیشە بڵێسەی بڵند بو)) (حەقیقی، ٢٠١٠، ١٦). پشتیوانی و هاندانی کەسانی دەوروبەری شاعیر ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە لەوەی شاعیر بەگەرمییەوە دەست بکاتەوە بە شیعرنوسن و فو لە خۆڵەمێشی سەر ژیلەمۆی شیعری خۆی بکات و لە جاران زیاتر بگەشێتەوە و کڵپە و تینی بەهێزتر و گڕ و بڵێسەی بەرزتر بێتەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper9

سەبارەت بە کەم ناسرانی شاعیر لە مەیدانی شیعر و لەنێوانی ژنە شاعیرانی کورددا و کەمتر ئاشنابونی بە لای توێژەر و شیعردۆستانی باشوری کوردستانەوە، ئەوا دەکرێ ئاماژە بە چەند خاڵێک بدەین:

أ_ شاعیر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و شاعیر و نوسەرانی پارچەکانی کوردستانیش کەمتر بە یەک و بە شیعردۆستان ئاشنان بە بەراود بە شاعیرانی یەک پارچەی کوردستان.

ب_ چونی شاعیر بۆ وڵاتی کەنەدا و ئەمەش وای کردوە زیاتر دور بێت لە ناوەندی شیعر و ئەدەبی لە باشوری کوردستاندا.

پ_ بڵاونەبونەوەی شیعرەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکان و درەنگ چاپبونی دیوانەکەی.

ت_ شاعیر زیاتر لەسەر ڕێچکەی کلاسیکی نوێ شیعری نوسیوە، ئەم ڕێچکەش وەکو ڕێچکەی کلاسیک زیاتر بۆ دەستەبژێرە و پێویستیی بە وردبونەوەی زۆر و قوڵبونەوەی فرە هەیە.

ج_ دورکەوتنەوەی شاعیر بۆ ماوەیەک لە شیعرنوسین.

چ_ شاعیر لەسەر زۆربەی بابەت و مەبەستە شیعرییەکانی نوسیوە و بەتایبەتی جەختی لەسەر بابەتێکی دیاریکراو نەکردوەتەوە، تاکو بەو بابەتە بناسرێتەوە.

## بەشی دوەم: شیعرەکانی سونبول لە ڕوی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە

### تەوەرەی یەکەم: ڕوخساری شیعرەکانی

مەبەست لە ڕوخساری شیعری هەمو ئەو لایانەیە، کە دیوی دەرەوەی شیعر پێکدەهێنن. هەر لە کۆنەوە ڕەخنەگرانی ئەدەب ((شانبەشانی لێکۆڵینەوەیان لە ناوەڕۆک و ڕەگەزە ئەدەبییەکان، لە ڕوخساریشیان کۆڵیوەتەوە و ئەویشیان کردوەتە جێگای گرنگپێدانەکانیان)) (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٦، ٣٠٢). سونبولی حەقیقی گرنگیی زۆری داوە بە ڕوخسار، چونکە زۆرینەی شیعرەکانی کلاسیکی نوێن، شیعری کلاسیکیش پێویستیی بە وشەئارایی و گرنگیدانی زۆر بە ڕوخسار هەیە.

**أ_ لە ڕوی زمانەوە:** شاعیر زمانی نوسینی ئاسان و ڕەوانە، تاڕادەیەک وشەی بێگانەی بەکارهێناوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری کلاسیک و کلاسیکی نوێ، بەکارهێنانی وشەی زمانانی تری وەکو: عەرەبی، فارسی و تورکییە. ئەمەش زۆرجار لەبەر پێویستیی کێش و سەروا و هەندێکجاریش لەبەرئەوەی وشەی ئەو زمانانە زیاتر وشەی فەرهەنگی شیعری بون. سونبولی شاعیر وشەی عەرەبی و فارسی بەکارهێناوە، بەڵام بە ڕێژەی کەم. بۆ نمونە:

شەو و ڕۆژ هەر دەناڵێم لە ئێش و داغی هیجرانی

نییە ئەو عەشقە پڕ تینە سنور و حەد و پایانی (حەقیقی، ٢٠١٠، ١٠٦)

لەم دێڕدا وشەکانی (داغ، هیجران، عیشق، حەد، پایان) وشەی بێگانەن و شاعیر بەکاریهێناون.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper9

هەروەها شاعیر لە هەندێ دێڕدا وشەی ناوچەیی بەکارهێناوە. بۆ نمونە:

لەحاند غەم سەبوری لەبەر خۆف بە هێزی

دژی ڕق هێدێتی بنێ نێو دەمارێ (حەقیقی، ٢٠١٠، ٦٤)

وشەکانی (لەحاند، هێدێتی، نێو) وشەی ناوچەیی و شاعیر لە شیعرەکەیدا تەوزیفی کردون.

**ب_ لە ڕوی کێشەوە:** شاعیر زۆربەی شیعرەکانی بە کێشی عەروز نوسیوە. ((عەروز بەوشێوەی، کە (خەلیل) دایناوە، ئەو سەرچاوە بنەڕەتییە، کە گەلانی موسڵمان و لەوانەش گەلی کورد، لێیان وەریان گرتوە و کردویانە بە ڕێسا بۆ کێشی شیعرەکانیان)) (هەردی، ٢٠٠٩، ١٠). ئەو کێشە عەروزییانەی، کە زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی کورد بەکاریانهێناوە، ئەوا بەدەستکارییەوە وەریانگرتوە و لەگەڵ دەنگسازیی زمانی کوردی گونجاندویانە. وەکو: کێشەکانی هەزەج و ڕەمەڵ و ڕەجەز...هتد.

_کێشی هەزەج: لەبەر دەرکەی/ ئەوینێدا/ ئەگەر سائیل/ وەکو شاهم

ب_ _ _/ ب_ _ _/ب_ _ _/ ب_ _ _

بە بادەی عیش/ق و دڵداری/ ئەگەر بێخود/ چ ئاگاهم (حەقیقی، ٢٠١٠، ٨٩)

ب_ _ _/ ب_ _ _/ب_ _ _/ ب_ _ _

کیشی هەزەجی هەشتیی تەواوە (مفاعیل، مفاعیل، مفاعیل، مفاعیل)2X

_کێشی ڕەمەل: جا ئەگەر پێت/ وایە هەر کەس/ ئەو خەڵاتەی/ پێ درا

_ب_ _ _/ _ب_ _/ _ب_ _/_ب_

خاوەنی بەر/ حەق نییە و زوڵ/مێ لە حەقدا/رێ کرا (حەقیقی، ٢٠١٠، ٦٧)

_ب_ _ _/ _ب_ _/ _ب_ _/_ب_

کێشی ڕەمەلی هەشتیی مەحزوفە (فاعلاتن، فاعلاتن، فاعلاتن، فاغلاتن)2X

سەبارەت بە کێشی بڕگەیی، کە کێشی خۆماڵیشی پێدەوترێ، ئەوا لەم جۆرە کێشەدا ((حیساب تەنیا بۆ ژمارەی بڕگەکانی دێڕە شیعر و دابەشبونیان بەسەر پێدا دەکرێ)) (گەردی، ٢٠١٤، ٢٣٩). شاعیر بەزۆری کێشی ٨ بڕگەیی و ١٠ بڕگەیی بەکارهێناوە.

_٨ بڕگەیی: کاتێ نەما گوڵ لە چەمەن

بەجێ دیڵێ دەشت و دەمەن (حەقیقی، ٢٠١٠، ٣٥)

_١٠ بڕگەیی: ڕەگی حەیاتم، تروسکەی چاوم

بەندی جەرگ و دڵ، هێزی هەناوم (حەقیقی، ٢٠١٠، ٨٧)

**پ_سەروا:** شاعیر دو جۆر سەروای بەکارهێناوە، سەروای یەکگرتو (سەروای ستونی)، بریتییە لەو جۆرە سەروایەی ((لەتی یەکەم و دوەمی دێری یەکەم هاوسەروان ئینجا کۆتایی هەمو دێرەکان هەمان سەروایان هەیە))



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper9

(گەردی، ٢٠١٤، ٢٨١). هەروەها کاتێک ((کاتێک دو نیوە دێڕی شیعرێک یەک سەروایان هەبێت)) (ئەحمەد، ٢٠٠٩، ١٠١). پێی دەوترێت: سەروای مەسنەوی (جوت سەروا).

هەر شاد بژی تا دەتوانی بە دڵ خۆشی و کارامەنی (حەقیقی، ٢٠١٠، ٩٤)

هەر لەبارەی سەرواوە، شاعیر پاش سەروا (ڕەدیف)ی لە شیعرەکانی بەکارهێناوە، پاش سەرواش بەو وشەیە یان چەند وشەیە سەربەخۆ و جیاوازە دەگوترێت، کە لە هەمو دێڕەکاندا پات دەبێتەوە و شیعرەکە لە واتا و کێشدا پێویستی پێیەتی (داد، ١٣٨٥، ٢٣٥). شاعیر ئەم پاش سەروایانەی بەکارهێناوە (بەکوێدا، وەتەنو ئەمرۆ، بکە، دەکەم بۆ بابە، خۆشئەویَ، غەم، بەسە، جێی تۆ، من، هەر ئەوە، بۆ من).

بەسە غەم خواردنی بێهودە بەسە

نییە کەڵکی و گەلیَ بیَ سودە بەسە (حەقیقی، ٢٠١٠، ٧١)

**ج_ ناونیشانی شیعر**: شاعیر لە هەمو غەزەل و قەسیدە و چیرۆکەشیعر و مولەممەعەکانی ناونیشانی شیعرەکەی نوسیوە، لەمەدا پەیڕەوی ڕێچکەی شیعرنوسینی نوێی کردوە. دارشتنی ناونیشانەکان جۆراوجۆرن، لە وشە و گریَ و ڕستە. بۆ نمونە:

_وشە، وەک: ژن، بەهار، ئاشتی، تاقانە، تەواو...هتد.

_گریَ، وەک: عیشقی گەل، فەسڵی گوڵ، کورتی بەهاری ژین، پەیامی ئەوین...هتد.

_ڕستە، وەک: بە خۆشی ڕابوێرە، چمان بەسەر دیَ، لەبیرت نەچیَ، ئەوین لە سەروی هەموانە...هتد.

**چ_ ناسناو**: شاعیر بەهەمان شێوەی شاعیرانی کلاسیک لە زۆرینەی شیعرەکانی لە دوا دێڕدا ناسناوی خۆی نوسیوە.

(سونبول) وشەی کوردەواری کردە ملوانکەی مرواری (حەقیقی، ٢٠١٠، ٩٤)

## تەوەرەی دوەم: ناوەڕۆکی شیعرەکانی:

ناوەڕۆک لای شاعیر ئەو هزر و هەست و سۆز و پەیامانەیە، شاعیر لە فۆرمێکدا دایدەڕێژێت و گوزارشتی لێدەکات، بەمەبەستی گەیاندنی ئەو بابەت و مەبەستەی دەیەوێت لە ڕێگەی شیعرەکەیەوە بە وەرگرانی بگەیەنێت. (ڕالف فاکس) لە کتێبی (ڕۆمان و خەڵک)دا دەڵێت: ((ناوەڕۆک فۆرم بەرهەم دێنیَ)) (ئیگلتۆن، ٢٠٠٨، ٥٠). کەواتە ناوەڕۆک جێگەی کۆبونەوەی هەستی ناوەوە و سۆزی ناخی شاعیرە، هەڵوێستی ئەوە بەرانبەر ژیان و ئەو ڕوداوانەی لە دەوروبەریدا ڕودەدەن (محەمەد، ٢٠١٢، ٢٠١). ناوەڕۆک کۆمەڵێک مەبەست و بابەت لەخۆدەگرێت، وەکو: ناوەڕۆکی نیشتیمانی، ئایینی، دڵداری، کۆمەڵایەتی، وەسف....هتد. ئەمەش لەوەوە هاتوە ((لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیان سەرچاوەی پێکهاتنی ناوەڕۆکی شیعرن)) (سابیر، ٢٠٠٦، ٤٤٦).

دیوانی شاعیر لەڕوی ناوەڕۆکەوە دەوڵەمەندە، چونکە شاعیر بایەخی بە زۆربەی ناوەڕۆک و مەبەستە شیعرییەکان داوە و لەبارەی زۆربەیان شیعری نوسیوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper9

**أ_ ناوەڕۆکی نیشتیمانی**: یەکێکە لەو ناوەڕۆکە شیعرییانەی لای شاعیرانی کورد بەگشتی جێگەی لەسەروەستان و بایەخپێدانە. (د. شوکریە ڕەسوڵ) لەبارەی چییەتی و مەبەستی ئەم ناوەڕۆکە شیعرییەوە دەڵێت: ((بابەتی نیشتیمانی خۆی لە خۆیدا گەورەترین کەرەسەیە، لە هەستی نیشتیمانی و خۆشەویستیی مرۆڤ بەرانبەر خاک و نیشتیمان سەر هەڵئەدات)) (ڕەسوڵ، ١٩٨٩، ٨٧). شاعیرانی کورد لەڕێگەی شیعریی نیشتیمانییەوە گوزارشتیان لە نیشتیمانپەروەریی خۆیان کردوە و هەست و سۆزی خۆیان بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەیان دەربڕیوە.

سونبول وەکو شاعیرێکی کورد خاوەنی هەمان هەستی نیشتمانییە ئەوەتا دەڵێت:

کوردستانی مەزن، ئەی نیشتیمان، دڵدارەکەی من
ئەتۆ ئەی دڵبەرم، ئەی شۆخەکەم، نازدارەکەی من
وەتەن سۆمای چاو، هێزی هەناو، نوری هەتاوم
وەتەن ئەی مەڵحەمی زامی دڵم، خەمخوارەکەی من (حەقیقی، ٢٠١٠، ٩٥)

شاعیر ڕو دەکاتە نیشتمانەکەی، کە کوردستانی مەزنە و بە دەنگی بەرز بانگی دەکات و بە دڵدار و دڵبەری خۆی دادەنێت، بۆیە ئەو دڵدار و دڵبەرەی خۆی بە سۆمای دیدە و هێزی هەناو و ڕۆشناییی چاو و هەتوانی زامەکانی دادەنێت و هەر نیشتمان بە خەمخواری خۆی دەزانێت. شاعیر لە باسی کوردستانی مەزنەوە دێتە سەر باسکردنی کوردستانی دابەشکراو و دەڵێت:

کوردستان ئاوەدان دەکەین     هەر چوار بەشەکەی جوان دەکەین
وڵاتی لەت وەیەک دەخەین     هەمو بۆ یەک کڕنوش دەبەین (حەقیقی، ٢٠١٠، ٢١)

شاعیر کوردستانیانە بیر دەکاتەوە و لە دەلاقەیەکی فراوانی نیشتمانییەوە بۆ وڵاتەکەی دەنۆڕێت، بە جۆرێک ئاواتی یەکخستن و ئاوەدانکردن و جوانکردنی هەر پارچەکەی وڵاتە. شاعیر ئەم پەیام و تێڕوانینەی لە شیعرێکی تریشدا دوپات دەکاتەوە:

من وڵاتم دابەش بۆ خۆم لەبۆ لەتلەت بم
خوێنمژان بۆ، تێم بگەن ئێستەش نەزان و خافڵم
چەند بەرەکی بەند و زنجیرە، ئەسیری و دیلییە
دەستی یەک بگرن و لابەن کەمەندی سەر ملم (حەقیقی،٢٠١٠، ٣٧)

شاعیر ڕوی دەمی لە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیەتی و سەرنجیان بۆ ئەو ڕاستییە تاڵە ڕادەکێشێت، مادام وڵاتمان دابەشکراوە، با نەتەوە پەرتەوازە و دابەشکراو نەبێت، چونکە دابەشبونی میللەت لە دیدی شاعیرەوە دیلی و ژێردەستییە و تاکە ڕێگەی دەربازبونیش دەستی یەکتری گرتن و تەباییە.

دوای ئەوە سونبولی شاعیر دێتە سەر باسکردنە خەمی نەتەوە و وەکو تاکێک کە نیشتمانەکەی لەژێر باری جەور و چەوساندنەوەی داگیرکەراندایە و باس لە نادادیی ئەوان دەکات. ئەم پەیامەی شاعیر ئەوە دوپات دەکاتەوە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper9

شیعری نیشتیمانی ((دەنگی ڕەسەنایەتیی هەستە پیرۆزەکەی ڕۆڵانی نەتەوەیە و بە دونیای ئەگەیەنێ و هەوێنی پاکێتی و دڵسۆزی تیا ئەژی)) (ئاگرین، ١٩٩٦، ٤٨). سونبولیش وەک ڕۆڵەیەکی بە ئەمەکی نەتەوەکەی ئەو هەستە دەردەبڕێت:

هەر وەکو کوردی هەمو جێیەک لە دەست داگیرکەران
نا هەقیم دیوە و کوتومە و هەر دەڵێم کورد زیندوە
بمخەنە ژێر گڵ لە هەر پاچەی وڵاتی لەتلەتم
من دەڵێم خاکی گەلم ئەمنی لە باوەش گرتوە (حەقیقی، ٢٠١٠، ٤٧)

**ب_ ناوەڕۆکی دڵداری**: یەکێکە لەو مەبەست و ناوەڕۆکە شیعرییانەی، لای بەشێکی بەرچاوی شاعیرانی کورد بە بابەتێکی گرنگ دانراوە و شیعریان لەو بوارەدا هۆنیوەتەوە. بۆیە (د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) لەبارەی شیعری دڵدارییەوە دەڵێت: ((یەکێکە لە کۆڵەکەکانی ئەدەبیات و شیعر)) (ڕەسوڵ، ٢٠١٠، ٥٠). شیعری دڵداری یەکێکە لە ناوەڕۆکە بنچینەییەکانی شیعر، کە ((ڕاستەوخۆ سەروکاری لەگەڵ هەست و دەرون و چێژی کەسی شاعیردایە)) (مستەفا، ٢٠١٠، ٥٥). شیعری دڵداری هەست و سۆزی شاعیر بەرانبەر یار و خۆشەویستەکەی دەردەخات، جا مەرج نییە شاعیر لە واقیعدا یارێکی لە ڕەگەزی بەرانبەر هەبێت و سەوداسەر و گرفتاری ئەوینی ئەو بێت، بەڵکو هەندێکجار شاعیر بێ ئەوەی گیرۆدەی دڵداری بێ، شیعری دڵداری دەهۆنێتەوە.

دیوانی سونبول بێ شیعری دڵداری نییە و شاعیر بەلای ئەم ناوەڕۆکە شیعرییەدا چوە و باس لە چیەتیی دڵداری دەکات:

بە تیشکی خۆری دڵداری سەرم پڕ شۆق و پڕ نورە
لەبەر عیشق و ئەوینە من دڵم پڕ شادییە و سورە
لە کۆڕی بەزمی نێو سینگم نەوا و ئاهەنگ و غەوغایە
هەمو دەنگی ئەوینە وا بەخۆشی و شادی بەرپایە (حەقیقی، ٢٠١٠، ٩٩)

شاعیر لەم دو دێڕەدا تێڕوانینی خۆی لەبارەی دڵداری و عەشقەوە خستوەتە ڕو و ئاماژەی بەوە داوە دڵی بە تیشکی خۆری دڵداری ڕوناکە و ئەوین مایەی شادیی دڵ و دەرونیەتی و هەر بەهۆی ئەوینەوەیە شادومان و خۆشحاڵە.

ئەوین و خۆشەویستی لای شاعیر خاوەنی جێگە و پێگەیەکی باڵایە، بەجۆرێک دەڵێت:

لەنێو عالەم ئەوەی پێت وایە جوانە ئەوین و عاشقی ژوروی هەموانە
ئەگەر دونیا هەمو شۆقی هەتاوە لەحاندی شۆقی عیشقی ناتەواوە (حەقیقی، ٢٠١٠، ١٠١)

شاعیر ئەوین و خۆشەویستی بە جوانییەکی باڵا داناوە و لە سەروی هەمو جوانەکانەوە دایدەنێت و بەجۆرێکی وا ڕوناکی بەخشە، هەرچی ڕوناکی هەیە لە ئاستی ڕوناکیی عەشق و ئەوین کز و کەمتینن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper9

شاعیر ڕودەکاتە بەرانبەر، کە مەرج نییە مەبەست لە کەسێکی دیاریکراو بێت و پێی دەڵێت:

ئەوین و عیشقی بێ وێنەت لەنێو دڵدایە بێ مەودا
بە غەیری عیشق و دڵداری نییە هیچێکی تر پەیدا
لە دەوری شەمعی ڕوخسارت هەمو باڵی دڵم سوتا
لەبۆ لەیلاکەی عیشقت ئەمن مەجنونەکەی شەیدا (حەقیقی، ٢٠١٠، ١٠٠)

دڵداری و عەشقی دڵدار بە چەشنێکە تەواوی بونی شاعیری تەنیوە، پەروانە ئاسا لە دەوری چرای ڕوخساری یار دێت و دەچێت و باڵەکانی دەسوتێت، یاخود بە وێنەی مەجنون شێت و شەیدای عەشقی یارەکەی بوە.

شاعیر هەر لە باسی دڵبەرەکەی بەردەوام دەبێ و دەڵێت:

لەحاندی جوانی ڕوخسارت نەماوە ڕەونەقێ بۆ گوڵ لە دەوری گوڵشەنی ڕوی تۆ دڵم ناڵانە وەک بولبول
لە دەریای خۆشەویستی تۆ دڵم پڕ مەوجی دڵداری لەتاو عیشقت لە چاو ئەسرین بەسۆزی دڵمە دێتە
کوڵ (حەقیقی، ٢٠١٠، ١٠٤)

شاعیر بەجۆرێک وەسفی دڵبەرەکەی دەکات، کە لە ئاستی ئەودا گوڵ ڕەونەق و گەشی و جوانی نەماوە. دڵی دڵدار وەکو بولبول لە گوڵشەنی ڕوخساری یاردا خەریکی ناڵانە. لە دەریای خۆشەویستیی دڵبەردا، دڵی شاعیر شەپۆل دەدات و لە تاوی عەشقی ئەو فرمێسک لە چاوی دێتە خوارەوە. شاعیر لە تاو دابڕان و دورکەوتنەوەی یاردا دەڵێت:

شەو و ڕۆژ هەر دەناڵێم لە ئێش و داغی هیجرانی
نییە ئەو عیشقە پڕ تینە سنور و حەد و پایانی
بڵێسەی ئاوری دوری هرژومی کردە سەر گیانم
هەمو بۆسۆیە ئاخی من لە دڵ برژان و سوتانی (حەقیقی، ٢٠١٠، ١٠٦)

شاعیر شەو و ڕۆژ لە تاوی ئازاری هیجرانی دڵبەر دەناڵێنێت، چونکە عەشقی دڵبەر بە چەشنێکە سنور و کۆتایی نییە، ئاگرێکە تاوی سەندوە و گیان و دڵی شاعیری سوتاندوە و برژاندوە.

لەو شیعرانەی ناوەڕۆکەکەی لە دڵداری و خۆشەویستی و ئەوین دەدوێن، شاعیر بەگشتی باسی لە دڵداری و دڵبەر و خۆشەویستیی کردوە و وێنەیەکی گشتی لەبارەی دڵدار و یارەوە پیشان داوە و بە وردی باسی لە دڵبەر نەکردوە وەکو کەسێکی دیاریکراو، بەڵکو بەگشتی لە یار دواوە و بە جۆرێک شیعرە دڵدارییەکانی وا هۆنیوەتەوە تا ئەو ناوەڕۆکە شیعرییەش لە دیوانەکەیدا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش ئامادەیی هەبێت و بە چاکی تیشک بخاتە سەر ئەو بابەتە شیعرییە.

**پ_ ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی:** یەکێکە لەو بابەتە شیعرییانەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ژیانی کۆمەڵایەتیی تاکەکانی ناو کۆمەڵەوە هەیە. شاعیر وەکو تاکێکی ناو کۆمەڵەکەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و بەردەوامی بە کەسانی دەوروبەر و ئەو ژینگەیەوە هەیە، کە تێیدا دەژیێت. لێرەوە ((شیعری کۆمەڵایەتی دەبێتە ئەڵقەیەکی بەیەکەوە بەستراوی نێوان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper9

شاعیر و کۆمەڵەکەی)) (مستەفا، ٢٠١١، ١٣٥). ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی لە شیعردا، بریتییە لە ((دەستنیشانکردنی دەردە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو: ململانێی چینایەتی و نەخۆشی و نەبونی و دابونەریتی جۆراجۆری کۆن و نوێی کۆمەڵایەتی...هتد)) (تەها، ٢٠٠٢، ٨٣)، پاشان دەرخستن و ئاماژەپێکردن بە هەریەکە لەو دەرد و گرفتە کۆمەڵایەتییانەی جڤاک لە شیعردا.

سونبول وەکو شاعیرێکی تێکەڵاو بە گرفت و کێشەکانی کۆمەڵەکەی هەستی بە کێماسییەکانی کۆمەڵەکەی کردوە و دەڵێت:

بکەم باسی هەژاری نەونەمامان          هەمو زارۆکەکانی سەر شەقامان

ئەوان سەرمایەکەی ئاسۆگی ڕونن     بەڵام چەساو و داماو و زەبونن   (حەقیقی، ٢٠١٠، ٢٢)

شاعیر باس لە دەردێکی ناو کۆمەڵ دەکات، ئەویش کارکردنی منداڵانە، منداڵان کە نەوەی دواڕۆژ و سەرمایەی ئایندەی هەر نەتەوەیەکن. پێویستە بە باشترین شێوە پەروەردە بکرێن، بەڵام زۆرجار هەژاری و دەستکورتی خانەوادە وا دەکات منداڵان ناچار بە کارکردن بن یان ناچار بە کارکردن بکرێن. دەنا کاری بنچینەیی و سەرەکیی منداڵان پەروەردە و فێربون و چێژبینینە لە جیهانی منداڵی، نەک کارکردن. بۆیە شاعیر پێمان دەڵێت:

لە جیاتی فێرگە یا فێربون و یاری          بەشی وان ئیشی زۆر و لێو بەباری

هەمو برسین و بێ هیوا و هەژارن     بەدڵ خەمبار و مات و لێو بەبارن  (حەقیقی، ٢٠١٠، ٢٢)

دوای ئەوە شاعیر دێتە سەر باسکردنی کاریگەریی کارکردنی منداڵان و بە هۆکاری دواکەوتنی میللەتی کوردی داناوە، بۆیە دەڵێت:

بناغەی تانجی داهاتی کوردان              ئەگەر مافیان نەبێ چۆن بچنە مەیدان

گەلان پێشکەوتن و کوردیش لەدوایە     لە ڕیزی وان ببایَن ئێمەش دەبوایە   (حەقیقی، ٢٠١٠، ٢٢)

دوای دیاریکردنی کەموکورتییەکانی ناو کۆمەڵ، شاعیر دێتە سەر باسکردنی ڕێگەچارەی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییانە و چارەسەرییەکان دەخاتەڕو. ئەمەش لەوە دێ شاعیر زۆر جار لە ڕێگەی شیعرەوە ((هەوڵ دەدات چارەسەری ئەو دەردە کۆمەڵایەتییانە بکا، کە لەناو کۆمەڵدا باون)) (ڕەسوڵ، ١٩٨٩، ٨٢). بۆیە بەمجۆرە باس لە ڕێگەچارەکان دەکات:

دەنا گەر یارمەتی و هاوکاری زۆر بێ          دەبێ ئەو کار و بارە چەشنێ جۆر بێ

چ کەس بۆ کاسبی منداڵان نەنێرێ            لە ڕوی یاسا نەبێ ئیزنی و نەوێرێ   (حەقیقی، ٢٠١٠، ٢٢)

لەو ڕێگەچارانەی شاعیر پێشکەشی کردون: هاوکاری و کۆمەک و دەستگیرۆییکردنی ماڵە هەژارەکانە، تا ئەوان ناچارنەبن کار بە منداڵان بکەن، هەروەها بە یاسا کارکردنی منداڵان قەدەغە بکرێت.

شاعیر باس لە خەم و ئازارەکانی ژیانی ژنان دەکات و دەڵێت:

دڵ بە ئاواتە، کە ژن مافی ڕەوای بستێنێ



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper9

لابەری مانعی ڕێ، ئاڵقە و گەو بپسێنێ
بێتە بەربەست و دژی ناهەق و زوڵم و زۆرێ
وەرگری مافی لە هەر شێوە و تەرز و جۆرێ (حەقیقی، ٢٠١٠، ٢٥)

شاعیر ئەوە دەخاتە ڕو ئافرەت دەبێت هەر چۆن بوە مافی ڕەوا و شایستەی خۆی وەربگرێت و کۆتەکان بشکێنێت و ئاستەنگ و کۆسپ و بەربەستەکان لابەرێت.

شاعیر لە باسکردنی گرفت و دەردەکانی کۆمەڵ بەردەوام دەبێت و دێتە سەر تیشک خستنە سەر دیاردەیەکی نەشیاو و نەگونجاو ئەویش باسکردنی نەنگی و کەموکورتییەکانی یەکترە، بۆیە شاعیر دەڵێت:

کە خۆمان خاوەنی عەیبین، نەکەین با باسی خەڵکی تر
لە ناشیرینی ئەم ئیشە بەدڵ ناشاد و غەمگینم (حەقیقی، ٢٠١٠، ٧٢)

شاعیر ئەمجارەیان تیشک دەخاتە سەر ڕەفتار و هەڵسوکەتی هەندێک کەسی ناو کۆمەڵ، کە کەسانی میزاجین و هەر جاری بە جۆرێکن و هەر ڕۆژی بە چەشنێکن:

چ بێزارم لەوەی هەر چەل بەجۆرێ
بەگوێرەی هەڵکەوت خۆی بۆ دەگۆرێ
ڕیاکاران لەڕێی خۆیان بە دەرچون
ئەوانەی دڵ ڕەش و بێ پشت و ڕون (حەقیقی، ٢٠١٠، ١١٦)

شاعیر بێزاری خۆی لە هەمبەر ئەو کەسانەی ڕیاکارن و خەریکی ڕوپامایین دەردەبڕێت. ئەوانە کەسانێکن لە ناخدا دڵڕەشن و هەر ماوەی بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان ڕەفتار و هەڵسوکەوت دەکەن.

**ت_ ناوەڕۆکی ئایینی:** ئایین یەکێکە لەو بابەتانەی لە شیعری شاعیرانماندا ڕەنگیداوەتەوە و بەرجەستە بوە. چەندان دەقی ئایینی و ڕوداو و بەسەرهاتی پەیوەندییدار بە ئایین بونەتە کەرەستەی دەقە شیعرییەکان، ئەمە جگە لەوەی خودی زۆربەی شاعیرانی کۆنمان لە کەشێکی ئایینیدا پەروەردە بون و بە ڕۆشنبیریی ئایینی گۆش کراون و ڕۆشنبیرییەکی ئایینیی فراوانیان هەبوە. شیعری ئایینی کۆمەڵێک چەمک و مەبەست لەخۆدەگرێت وەکو: پاڕانەوە و ستایشکردنی خودا و پێهەڵدانی پێغەمبەر (نەعت) و باسکردنی هاوەڵانی پێغەمبەر و تیشکە خستنەسەر چیرۆکە ئایینییەکان ...هتد.

سونبولی شاعیر لە چەند شیعرێکدا مەبەستیەتی ڕوی جوانی ئایین پیشان بدات، کە مرۆڤویستی و ژیاندۆستییە، بۆیە دەڵێت:

خودای ئێمە دژی شەڕە قەتڵی بەشەر بۆی کەسەرە
ئەو ئیزن بە کوشتن نادا داماوە هەر کەس لێی لادا (حەقیقی، ٢٠١٠، ٢١)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper9

وێنای خوا لای شاعیر بە جۆرێکە، کە ناکۆک و دژە لەگەڵ شەڕ و فەرمانی بە کوشتن و لەناوبردنی مرۆڤ نەکردوە. لەناوبردن و کوشتنی مرۆڤیش لەو تاوانانەیە دەبێتە هۆی خەشم و تووڕەیی خوا و ئەو کەسانەشی لە فەرمانی خوا لا بدەن و پەیڕەوی نەکەن، دواجار پەشیمان و زیانمەند دەبن.

شاعیر لە دێڕێکی تردا، بەمجۆرە باس لە خۆشەویستیی خۆی بۆ خودا دەکات:

بەتێکڕایی دڵ و هۆشم لە ڕێت داناوە یەکجاری

نییە هاوفیکر و هاوڕازێ خودایە هەر ئەتۆم یاری (حەقیقی، ٢٠١٠، ١٠٣)

خۆشەویستیی خوا بەتەواوی دڵ و هۆشی شاعیری بردوە و بە جۆرێکی وا تەنیا خوا یار و دڵبەری شاعیرە و جگە لەو کەسی تر بە یار و هاودەمی خۆی دانانێت.

**ت_ ناوەڕۆکی فەلسەفی**: فەلسەفە یەکێکە لەو چەمکە زیندوانەی لە زۆرینەی بوار و کایەکانی ژیاندا ئامادەیی هەیە. بە جۆرێکی وا دەکرێت زۆربەی بوار و لایەنەکانی ژیان بخەینە ژێر وردبینی فەلسەفەوە، یاخود پەیوەندیی لەنێوان زانست و سەرجەم بوارەکانی تردا دروست بکەین. چونکە وەکو وتراوە فەلسەفە دایکی زانستەکانە. بۆیە هەمو زانستەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندییان بە فەلسەفەوە هەیە. یاخود دەکرێ لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە بۆ لایەنە جۆربەجۆرەکانی بڕوانین، یان دیدێکی فەلسەفیمان بۆ بوارەکانی ژیان هەبێت.

فەلسەفە و ئەدەب یان وردتر فەلسەفە و شیعر پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، بەو ئاستەی زۆرجار شاعیران لە شیعردا بابەت و چەمکی فەلسەفی دەوروژێنن یاخود فەیلەسوفان لە بەرهەم و تێز و تێڕوانەکانیدا تیشک دەخەنە سەر ئەدەب بەگشتی و شیعر بە تایبەتی.

شاعیر لە شیعرەکانیدا کۆمەڵێک پرسیاری وروژاندوە و شاعیر یەکەم کەس نییە ئەو پرسیارانە بوروژێنێت، بەڵکو چەندان ساڵ و سەدەیە ئەو پرسیارانە لە لایەن پیاوانی ئایینی و فەیلەسوف و بیرمەند و شاعیرانەوە دەکرێت و هەریەکەیان بەپێی ئاستی شارەزایی و دونیابینیی خۆی وەڵامی داوەتەوە، بەڵام ئەو وەڵامانە نەبونەتە هۆی ئەوەی تینوێتیی پرسیارکەران بشکێنن و ئیدی دەستبەری ئەو پرسیارانە بن، بەڵکو بەردەوام و بە شێوازی جیاجیا ئەو پرسیارانە کراونەتەوە. یەکێک لەو پرسیارانەی شاعیر کردویەتی باسکردنە لەو جیاوازییەی لەنێوان کەسانی دەوڵەمەند و خۆشگوزەران و کەسانی هەژار و نەداردا هەیە، یاخود بۆچی کەسێک دڵشادە و کەسێکی تر غەمبار و دڵ پڕ غەمە؟ بۆیە شاعیر بەمجۆرە باس لەو جیاوازییانە دەکات:

فەلەک کوا عەدڵ و ئینسافت لە کارا    یەکێ برسی یەکیتر تێر و دارا

یەکێ فرمێسکی تەنیایی دەرێژێ    بەگشتی ڕەنجەکانی ژین دەچێژێ

یەکێکی تر شەوی وەک ڕۆژی ڕونە    بەمەیلێتی گەڕی ئەم چەرخە دونە

یەکێ هەرچی دەکێشێ زەحمەتی کار    نییە بەهرەی وەکو هەورێکی بێ بار (حەقیقی، ٢٠١٠، ٤٣)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper9

ئەم پرسیارانە لە مێژودا زۆر کراون و گوتراون و لە ئەنجامی تێفکرینی شاعیرەوە هاتوە و لە عەقڵەوە سەرچاوەی گرتوە. ئاشکرایە پرسیارکردن بێ بیرکردنەوە دروست نابێت و سەرچاوەی پرسیاریش عەقڵە و هەمو پرسیارێکی عەقڵانی و بیرکردنەوەیەکی عەقڵانی دەبن بە فەلسەفە و سێکوچکەی (عەقڵ، بیرکردنەوە، پرسیار) دەبنە سێ تایبەتمەندی دیاری فەلسەفە (شێخ محەمەد، ٢٠١٢، ٢٥).

شاعیر بەردەوام دەبێت لە بیرکردنەوە و پرسیاری تر دەکات و دەڵێت:

یەکێ بێ حەول یا کۆششی زۆر دەبێتە خاوەن نیعمەت هەمو جۆر

یەکێ شادە و هەمو ژینی بەهارە ئەوی تر دڵ بەخوێن و لێو بەبارە (حەقیقی، ٢٠١٠، ٤٣)

پاشان شاعیر کۆمەڵێک پرسیاری دیکە دەوروژێنێت، پرسیار لە خۆی دەکات وەکو تاک، کە دواجار مەبەستی هەمو تاکەکانە و پرسیار لە هۆکاری هاتنە بون دەکات و دەڵێت:

دەپرسم لە خۆم ئاخۆ ئەمن کێم کە بۆ خولقاندنم کێ پرسی کرد پێم

وە یاکو بۆچی هێنایانمە ئێرە کە لە دونیایە تانجی غەم لەسەر نێم (حەقیقی، ٢٠١٠، ٩٢)

شاعیر ئەمجارە لە پرسیارەوە دەچێتە سەر وەڵام و کۆمەڵێک وەڵام دەخاتەڕو، کە وەڵامن بۆ زۆر پرسیار، لەوانە دەڵێت:

جیهان تا سەر نە بۆ و نابێ بە ماوا دەڵێن بوکێکە دونیا و زۆرە زاوا

سەبا موژدەی بەهاری پێیە ئەمرۆ گوڵ و گوڵشەن چە لێکە، وەرزی دەڕوا (حەقیقی، ٢٠١٠، ١٢١)

ئەم وەڵامانە لە ئایین و واقیع و ئەزمونی ژیانەوە هەڵگۆزراون و وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە، کە جیهان و ژیانی دونیا بەو جۆرە نییە، تا مرۆڤ بەتەواوی تێیدا دڵخۆش بێت. هەروەها ئەوەمان پێ دەڵێت کات و جیهان و ژیانی دونیا وەکو هەمو لایەنەکانی ئەم دونیایە لە کاتێکی دیاریکراودا کۆتاییان پێ دێت، بۆیە دەڵێت:

چ شا بی یا گەدا، نامێنێ تا سەر نیشان عومری کەمە گەر نێتە بڕوا

بە دەستی پڕ لە دونیا ناچیتە دەر لەکۆیە ئەو کەسەی بەو حاڵە نەڕوا (حەقیقی، ٢٠١٠، ١٢١)

شاعیر ئەوەمان پێ دەڵێت بارودۆخی مرۆڤ هەر چۆن بێت تا کۆتایی بەو جۆرە نابێت، یاخود ئەگەر لە هەر بارێک بێت ئەوا تەمەن و زەمەن بەرەو دوایی دەڕۆن و ئەوەی مرۆڤ لەم دونیایەدا هەیەتی و خاوەنیەتی جێی دەهێڵێت و هەموان بێ ئەوەی هیچ شتێک لەگەڵ خۆیاندا ببەن، ئەم ژینە جێدەهێڵن.

**ج_ وەسفی سروشت**: باسکردن لە سروشت و پیشاندانی جوانییەکانی لە شیعردا لای شاعیرانی کورد بابەتێکی دیار و بەرچاوە، بەهۆی ئەوەی سروشتی کوردستان بوەتە ئیلهام و جولاندنی هەست و سۆزی شاعیر و گواستنەوەی ئەو جوانییانەی سروشت بۆ شیعر و مامەڵەکردنی شاعیرانە لەگەڵیاندا و دوبارە پیشاندانەوەیان لە شیعردا. وەرزی بەهاری کوردستان لە شیعری شاعیرانی کورددا پانتایەکی بەرفراوانی گرتوەتەوە و لە چەند ڕوەوە باسییان لە دیمەنی دڵڕفێن و سروشتی بێ هاوتای کوردستانیان کردوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper9

سونبولی شاعیر لە وەسفی بەهاردا ئەویش ئاوا دێتە گۆ:

چەمەن ڕازاوە لە باغ و گوڵزار مەلیش سڵ بوە لەسەر چڵی دار

شەونم بەنازێ نیشتونە سەر گوڵ نەغمەیێ پڕ سۆز دەخوێنێ بولبول (حەقیقی، ٢٠١٠، ٢٩)

وەرزی بەهارە و باغ و گوڵزار ڕازاوە و خەملیون، باڵندە و مەل نیشتونەتەوە لەسەر چڵی دار، ئاونگ لەسەر پەڕەی گوڵە، بولبول بەسۆز دەخوێنێت.

شاعیر هەر لە بابەت وەرزی بەهارەوە دەڵێت:

وەرزی گوڵە و دەر و دەشت، خەملیوە وەکو بەهەشت

دەچێ بۆ سەیران و گەشت، کەسی وشیار و عاقڵ (حەقیقی، ٢٠١٠، ٧٨)

شاعیر لە جوانیدا نمونەی بەهار بە بەهەشت دەهێنێتەوە و ئاماژە بەوە دەکات، کەسی وشیار و تێگەیشتو ئەو کەسەیە چێژ لەو جوانییانەی سروشت وەردەگرێت و بەرەو ئامێزی سروشت دەڕوات و خەریکی سەیران و گەڕانی ناو سروشت دەبێت.

شاعیر لە وەسفکردنی بەهار بەردەوام دەبێ و دەڵێ:

بە دونیای نادەم ئەم وێنە جوانە چاو لە دیتنی مات و حەیرانە

چۆم و کانیاوی ئاوی حەیاتە نەی شەکەر کانگای قەند و نەباتە (حەقیقی، ٢٠١٠، ١٠٥)

نیگاری جوانی سروشت لە وەسف و تاریف نایەت، بۆیە هەرکە چاو دەیبینێت سەرسام و حەیرانی دەبێت. ئاوی کانیاو و سەرچاوەی وڵات ئاوی ژیانە. وڵات هێندە شیرینە کانگەی هەمو چەشنە شیرینییەکە.

ئەو شیعرییانەی شاعیر لەبارەی سروشتەوە نوسیویەتی بەگشتی باسکردنە لە بەهار و جوانییەکانی بەهار و سروست لە بەهاردا و وێنەی بەهاری کوردستانی بە چەندان شێوە لە شیعرەکانیدا پیشان داوە.

**چ_هەستی دەرون**: لەم جۆرە بابەت و ناوەڕۆکەدا شاعیر ڕاستەوخۆ باسی ئەو هەستە پەنگ خواردوانەی ناخ و دڵ و دەرونی دەکات. واتە خودییانە مامەڵە لە کەرەستە و بابەت و ناوەڕۆکی شیعرەکەدا دەکات و پتر گوزارشت لەو داخ و کەسەرە دەکات، کە لە ناخیدا هەیە.

شاعیر باسی خۆی و غەم دەکات و دەڵێت:

لە هەر چوار قورنەکەی دونیاوە دوم کەوتی ئەتۆ ئەی غەم

لە ترسی وەی کە لێت ون بم نەسرەوتی ئەتۆ ئەی غەم

هەمو خەڵکت وە لایێک نا هەتا هۆشت لەسەر من بێ

نە دا کەوتی نە دامرکای نە قەت خەوتی ئەتۆ ئەی غەم (حەقیقی، ٢٠١٠، ٦٨)

شاعیر پێیوایە هەردەم غەم بەدواوەیەتی و بەرۆکی بەرنادات، بە جۆرێکی ئەوتۆ، کە غەم وازی لە گشت خەڵکی هێناوە تەنیا دوای ئەو کەوتوە و بەردەوام بە شوێنییەوەیە:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper9

هەمدیسان شاعیر باس لە دڵ و دەرونی خۆی دەکات و دەڵێت:

دڵی شێواوی من چی دی مەناڵە    ئەتۆ ناڵەت لە ڕۆژ و مانگ و ساڵە

گەلێ حەیران و داماوم لە کارت    چ کاتێ ئەپشکوی کوا بەهارت؟ (حەقیقی، ٢٠١٠، ٥٧)

شاعیر ڕو لە دڵی خۆی دەکات و پێی دەڵێت: چیتر نەناڵێنێت، چونکە هەردەم کار و پیشەی ئەو ناڵینە و ئیدی کاتی ئەوە هاتوە نەناڵێنێت و واز لە گریان و فیغان و هاوار بهێنێت.

دڵی شاعیر پڕ دەرد و غەمە و وا هەست دەکات کەس نییە گوێ بۆ خەمەکانی شل بکات:

مەکۆی دەرد و غەمە دڵ چۆن نەناڵێنم    لەکوێی تاکو ببیستی شەرحی حاڵم

غەمت تا دوا هەناسەم هەر دەمێنێ    لەنێو دڵدا، لەسەر بیر و خەیاڵم (حەقیقی، ٢٠١٠، ٨٨)

غەم دڵ و بیری شاعیری تەنیوە و تا دوایین هەناسە و دوا کاتی ژیانی گیرۆدەی بوە.

شاعیر لە باسکردنی هەستی دەرونی بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

بدە گوێ بۆ هەناسەی پڕ لە تینم    لە سوتانی دڵە و دودی برینم (حەقیقی، ٢٠١٠، ٩٧)

شاعیر ڕو لە بەرانبەرەکەی دەکات و داوای لێدەکات گوێ لە هەناسەدانی بگرێت، کە دوکەڵ لە سینەی دێتەدەر، ئەمەش بەهۆی ئەوەی دڵ و دەرونی سوتاوە و ئاگر لە ناخی بەربوە.

بەگشتی شاعیر لە ڕوی مەزراندنی (تەوزیفکردنی) ناوەڕۆک و مەبەستە شیعرییەکانەوە هەوڵی داوە زیاتر لە ناوەڕۆکێک و مەبەستێکی شیعری لە دوتوێی شیعرەکانیدا بخاتەڕو و بەو ئاراستەیەدا نەچوە باسێک یان دو باس لە چوارچێوەی شیعرەکانیدا بخاتەڕو، بەڵکو ویستویەتی دەست بۆ زیاتر لە ناوەڕۆکێک بەرێت و لەم هەوڵەشیدا توانیویەتی بە سەرکەوتوانە و لێزانانە مامەڵە لەگەڵ هەر یەک لە بابەتە شیعرییە جیاوازەکاندا بکات و هەمەڕەنگی و هەمەچەشنی بە ناوەڕۆکی دیوانەکەیەوە دیاربێت.

## ئەنجام:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەم ئەنجامانە:

١_ کۆمەڵێ هۆکار وای لە سونبولی حەقیقی کردوە ڕو لە دونیای ئەدەب و شیعر بکات و شیعر بنوسێت، هەندێکیان پەیوەندییان بە خودی خۆیەوە هەیە، لەوانە: حەزی بۆ شیعر و خوێندنەوەی دیوانی شاعیران...هتد، هەروەها هەندێکی دیکەیان پەیوەندیی بە دەوروبەرییەوە هەیە، لەوانە: کارتێکردنی جوانیی سروشت و کەشی شیعریی ماڵەوە و شاعیربونی باوکی و کۆڕی گەرمی ئەدیب و شیعردۆستان و...هتد.

٢_ چەند فاکتەرێک وای کردوە شاعیر وەکو پێویست لە ناوەندی ئەدەبی و شیعری کوردی نەناسرێت، لەوانە: بڵاونەبونەوەی شیعرەکانی لە بڵاوکراوەکان و دورکەوتنەوەی لە وڵات و شێوازی شیعرنوسین و جەختنەکردنەوەی لەسەر ناوەڕۆک و بابەتێکی دیاریکراو...هتد.

٣_ زمانی نوسینی ئاسانە و تاڕادەیەک وشەی ناوچەیی و هەندێکجاریش وشەی بێگانەی بەکارهێناوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper9

٤_ لە لایەنی کێش و سەرواوە، کێشی عەروز و بڕگەیی، سەروای یەکگرتو و مەسنەوی بەکارهێناوە.

٥_ لەبارەی کۆمەڵێ بابەت و ناوەڕۆکەوە شیعری نوسیوە و پەیڕەوی لە یەکێتیی بابەت کردوە، واتە سەرلەبەری شیعرێکی بۆ یەک بابەت تەرخان کردوە.

٦_ لە بابەتی وەسفی سروشتدا بەگشتی جەختی لەسەر جوانیی وەرزی بەهار و دیمەنە دڵڕفێنەکانی کوردستان کردوەتەوە، باسی وەرزەکانی تری نەکردوە. هەرچی لە بابەتی ناوەڕۆکی فەلسەفییەوە، ئەوا کۆمەڵێک پرسیاری لەبارەی ژیان و کات و ....هتد وروژاندوە و هەمدیسان لە کۆمەڵێک شیعری تردا وەڵامی کۆمەڵی پرسیاری نەکراوی داوەتەوە، کە لە ئایین و واقیع و ئەزمونی ژیان...هتد ەوە سەرچاوەیان گرتوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper9

# Sunbul Haqiqi’s poetic experience

**Nechirwan Jasim Wali**[1]

[1]Kurdish Department, College of Languages, Salahaddin University-Erbil، Erbil، Kurdistan Region، Iraq.

**Abstract:**
This research is about Sunbul Haqiqi’s poetic works which is a descriptive and analytical research. The reason behind choosing this subject is the lack of a scientific and academic research about her poems. The aim of this research is to show her poetic works and identify the various components of the poems of the poet in terms of content and form
The research includes an introduction، two chapters and a conclusion:
Chapter one is Sunbul and poetry، and it consists of two parts: in the first part، it talks about the most important stages of her life، and in the second part، the focus is on the poet and poetry، and it refers to the poet’s relationship with poetry.
Chapter two includes Sunbul’s poems in terms of form and content، and it also consists of two parts: in the first part، it talks about the form of the poet’s poems، and in the second part، the concentration is on the content of the poet’s poems.
In the end، it shows the most significant points that we have reached. Then the list of resources and a summary of the research in two languages، Kurdish and Kurdish have been recorded.

**Keywords**: Sunbul, Poetic, Poet، Experience, Form, Content.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper9**

## سەرچاوەکان:


ئاگرین، عەبدوڵڵا (١٩٩٦) شیعری سیاسیی کوردی لە باشوری کوردستان لە یەکەم جەنگی گێتییەوە تا ڕاپەڕینی شەشی ئەیلولی بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی، هەولێر.

ئەحمەد، پەخشان عەلی (٢٠٠٩) شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

ئیگلتۆن، تێری (٢٠٠٨) مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی، و: عەبدولخالق یەعقوبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

تەها، عەبدولسەمەد ئیسلام (٢٠٠٢) ڕەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

حەقیقی، سونبول (٢٠١٠) لە هەر باخچەی گوڵێک، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

داد، سیما (١٣٨٥) فرهنگ اصطلاحات ادبی، چاپ سوم، انتشارات مروارید، تهران.

ڕەسوڵ، شوکریە (١٩٨٩) ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر.

ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا (٢٠١٠) شێخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپی دوەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

سابیر، پەرێز (٢٠٠٦) ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

شوان، ئیبراهیم ئەحمەد (٢٠١٥) ڕاڤەی دو بەیتەکانی بابە تاهیری هەمەدانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

شێخ محەمەد، سەنگەر قادر (٢٠١٢) فەلسەفەی شیعری و شیعری فەلسەفی بەنمونەی شیعرەکانی ڕەفیق سابیر و کەریم دەشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

گەردی، عەزیز (٢٠١٤) کێشناسیی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای نارین، هەولێر.

قەرەداغی، محەمەد عەلی (١٩٧٨) مەولەوی و سروشت، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠٠٦) قۆناغی پێش ڕۆمانسیزمی شیعری کوردی (١٨٥١_١٩٢١)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

محەمەد، حەمدیە حەسەن (٢٠١٢) لایێ هونەری و ناڤەڕۆکا هۆزانا سەبری بۆتانی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

مستەفا، محەمەد فازڵ (٢٠١٠) ژیان زێوەر و بەرهەمی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

مستەفا، محەمەد فازڵ (٢٠١١) دەنگی پیرەمێرد لە بزوتنەوەی شیعری نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

هەردی، ئەحمەد (٢٠٠٩) عەروز لە شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper9